کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-5-2007 22:37

## حکومەتی دیموکراسی و، هەل و مەرجی پێویست بۆ دروستبوونی ... بەهار عەبدولرەحمان محەمەد

حکومەتی دیموکراسی ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێیەوە خەڵك حوکمی خۆیان دەکەن و، ئەو هۆکارەیە کە دەربڕی ئیرادە و سەروەرییانە و، لەڕێیەوە مومارەسەی دەسەڵات دەکرێت لە دەوڵەتدا.

لە حکومەتی دیموکراسیدا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و حکومەت دەربڕی زۆرینەی خەڵکە و لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. حکومەتی دیموکراسی هەڵدەبژێردرێت بە ڕێگای ڕاستەوخۆ یا نیابی یا نیمچە ڕاستەوخۆ.

لە حکومەتی دیموکراسیدا بابەتی زۆرینە شتێکی حاشاهەڵنەگرە. حکومەتی خەڵك لە ڕێگای خودی خەڵکەوە حکومەتی هەموو نوێنەرانی خەڵك لەخۆ دەگرێ، کە هیچکات کێشە و ناکۆکییەکانی خۆیان ناشارنەوە و بیروبۆچوونی جیاواز دەخەنە ڕوو، بەبێ ئەوەی کە پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە بۆچوونی ئەوان لە هەموویان باشترە.

لە حکومەتی دیموکراسیدا دەسەڵاتداران و خەڵك هەردووکیان لە پارێزگاری و پاراستنی ئازادیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، ئەنجامدانی ئەرکی یەکێکیان بە بێ ئەوی تریان دەرەنجامێکی سەرکەوتووانەی نابێت.

دەسەڵاتداران لە حکومەتی دیموکراسیدا پێویستە ئەوە بزانن بەهای وڵات و حکومەتەکەی وابەستەیە بە بەها و کەسایەتیی گەلەکەیەوە کە لە سایەی ئەو حکومەتەدا دەژین و، پێویستە دەسەڵاتداران ئارام و دانبەخۆداگرتوو ڕەخنەوەرگر بن.

حکومەتی دیموکراسی و کراوە دەبێت خاوەنی چوار کۆڵەکە بێت:

1ـ ئامادەکردنی زانیاریی ڕاست لەلایەن خودی حکومەتەوە دەربارەی سیاسەتەکانی حکومەت، بنەماکانی ئەم سیاسەتە چین، بە کردەوە چ ئاکامێکیان هەبووە.

2ـ دەست پێڕاگەیشتنی کەسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەڵگەنامەکانی حکومەت، هەم ڕاستەوخۆ، هەم ناڕاستەوخۆ لەلایەن پەرلەمانەوە.

3ـ دانیشتنەکان دەبێ بۆ کۆمەڵانی خەڵك و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کراوە بن، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم بابەتە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و لیژنەکانیەوە بگرە تا کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بودجەیان لە بودجەی گشتییەوە دابین دەکرێ، تا دانیشتنەکانی حکومەتی نێوخۆ.

4ـ ڕاوێژی ڕێکوپێکی حکومەت لەگەڵ گروپە سوودمەندەکان لە هەر کارێکدا بۆ ڕێکخستن و پێڕەوکردنی سیاسەتەکان، هەروەها بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئەو دید و بۆچوونانەی کە لە ڕێگای ئەم ڕاوێژەوە دەستکەوتوون.

هەلومەرجی پێویست بۆ دروستبوونی حکومەتێکی دیموکراسی:-

1- باوەڕ و ڕۆشنبیریی سیاسی دیموکراتیك:

کاتێك حوکمڕانان بەو پلەیەی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەیشتبن، کە خوازیاری بەشداریی ڕای گشتیی گەل بن لە حکومەتدا و دیموکراسی بووبێتە باوەڕ و ڕۆشنبیرییەك لایان، ئەوا پرۆسەی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا بە ڕەوتێکی ئاسانتر و سادەتر بەرەو پێش دەچێت.

کاتێك دەوڵەت بڕوای بە دیموکراسی هەبوو، پێویستە لە دەسپێکدا دەسەڵاتی تەواو فەراهەم بکات، پاشان پێبەپێ ڕێژەی هۆشیاریی گەل پەرەی پێ بدات و کەم کەم میتۆدی دیموکراسی و بونیادەکانی خەڵکسالاری وەك پارت و سەندیکاکان پتەو بکات.

تا کاتێك زۆربەی هەرەزۆری هاووڵاتیان سیستمی دیموکراتیك و دامەزراوە سیاسییەکان لە سەروو هەموو بەدیل نادیموکراتیکەکانەوە نەبینن، هەروەها ڕێبەرانی سیاسی کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کردەوە دیموکراتییەکانن، پشتیوانی لەوە نەکەن، دیموکراسی زۆر مەحاڵە بتوانێ لە قەیران و ئاڵۆزییەکانی رزگاری ببێت.
واتە دیموکراسی رۆشنبیرییەکە کە تاکەکانی کۆمەڵ فێری دەبن و دواجار لە کۆی تاکەکان، کە هاوولاتی و فەرمانڕەوایانن، بوارێك دەرەخسێت بۆ دروستبوونی حکومەتێکی دیموکراسی.
2- نەبوونی دەستێوەردان و کۆنترۆڵی دەرەکی نادیموکراتیك:
ئەگەری گەشەکردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکان کەمترە لە ولاتێکدا کە لەژێر هەڕەشەی دەستێوەردانی بێگانەیەکدا بێ، کە دەسەلاتی دیموکراتیك بە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێ. هەمیشە ئەو ولاتانەی کە دوورن لە دەستێوەردانی دەرەکی، هەلومەرجی گەشەی دیموکراسی زۆرترە، لەبەرئەوەی هەر هێزێکی دەرەکی هەولی بەدەسهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، کە زۆر جار ئەو بەرژەوەندییانە نایەتە دی، ئەگەر ئەو دەولەتە روو لە ئارامیی سیاسی و گەشەی دیموکراسی بێت، بۆیە دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری حکومەت و راکێشانی کاربەدەستانی حکومەت بەلای بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی دەوروبەردا، ئەگەری هاتنەکایەی حکومەتێکی دیموکراتیك دوورتر دەخەنەوە.
زۆر کات ولاتانی دراوسێ و هاوسنوور نەیاری دیموکراسین، بەتایبەتی ئەوانەی خەسلەتی هاوبەشیان هەیە وەك (مێژوو و زمان و کلتوور)، فاکتەری نەیاریی ئەوانەش سەبارەت بە دیموکراسی تازەپێگرتوو ترسە لە بەرفراوانبوونی دیموکراسی، چونکە ئەزموونە مێژووییەکان سەلماندوویانە کە گۆڕانکارییە سیاسییە پۆزەتیڤەکانی نمونەی شۆڕشی گەل و سەقامگیربوونی دیموکراسی و ئازادی بە پلەی یەکەم بۆ ولاتانی دراوسێ پەرە دەسێنێ و لەوانەیە زیان بە پێگەی دەسەلاتدارانی بگەیەنێت.
3- بالادەستی و سەروەریی یاسا:
یاسای بنەڕەتی (دەستوور) وەك کۆمەلێك پرەنسیپ و بنەمای گشتی و ستراکتۆری چاچێوەیەك بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی هێزی حکومەت دروست دەکات.
واتە یاسا پەیوەندیی نێوان هاوولاتیان و دەسەلاتداران رێکدەخات و هەردووکیان پابەند دەکات لە چوارچێوەی دەستورێکی بنەڕەتیدا کە سەرچاوەی یاساکانە.
بالادەستی یاسا یەکێکە لە (چمانە) ـە گرنگەکان بۆ دروستبوونی حکومەتێکی دیموکراسی، ئەمەش بەو واتایەی کە دەسەلاتی جێبەجێکردن پابەند بێت بە بڕیارەکانی پەرلەمان، چونکە پەرلەمان نوێنەری ئیرادەی خەلکە. هەر بۆیە دەبێت دەسەلاتی جێبەجێکردن رێز لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بگرێت و پابەند بێت بە یاساکانیەوە.
4- ئاشتی و سەقامگیریی بارودۆخی سیاسی:
ئاشتی و جێگیریی سیاسی هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی حکومەتی دیموکراسی. بە وردبوونەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە ئەو ولاتانەی کە بە بارودۆخی نائاسایی و ناجێگیردا گوزەریان کردووە، نەیانتوانیوە حکومەتێکی دیموکراتیك دابمەزرێنن.
زۆرکات دەسەلاتداران بە بیانووی نەبوونی ئاسایش و ناجێگیریی سیاسییەوە، پرەنسیپ و بنەماکانی دیموکراسییان پشتگوێ خستووە.
5- کۆنترۆلی هێزە نیزامی و سەربازییەکان:
تا هێزە چەکدار و پارێزەرەکانی ولاتێك بە تەواوی نەچنە ژێر دەسەلات و، کۆنترۆلی نوێنەران و دەسەلاتدارانی هەلبژێردراو بەپێی پێوانە دیموکراتییەکان رێی تێناچێت رێکخراو و دامەزراوە سیاسییە دیموکراتیکەکان لە ولاتدا پارێزراو و بەردەوام بێت.
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6- زۆرنەبوونی وردە فەرهەنگەکان:

هەر خاوەن فەرهەنگێکی تایبەت خواستەکانیان بە رادەیەك بە گرنگ و هەستیار دادەنێن، کە زۆر جار جێگایەك بۆ رێکەوتن ناهێڵنەوە، هەر بۆیە ئەو وڵاتانەی کە فرەیی زمان، نەتەوە، ئایین... هتد، لە ئارادایە گرفتێك لەبەردەم حکومەتدا دروست دەکات کەچۆن هاوسەنگی لەنێوان ئەم فرە فەرهەنگییەدا دروست بکات و مافی یەکسان و دادوەرانە دەستەبەربکات.

واتە ئەگەری گەشە و سەقامگیربوونی دامەزراوە و رێکخراوە سیاسی و دیموکراتیکەکان لە وڵاتێکدا کە لە بواری فەرهەنگییەوە هاوشێوەن، زۆر زیاترە لە وڵاتێك کە بە توندی گیرۆدەی ململانێی وردە فەرهەنگییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.